

# کوشتنی (ئەمیر) لە نیوەشەودا

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

ئا: باوکی میدیا

هەواڵی کوژرانی ئەمیر

حاجی (ئیبراهیم) وەکو رۆژانی ئاسایی خۆی چووە ناو رەزەکەی و (ئەحمەد) و(شەرمین) و(رزگار)یش لە دوایابوون(حاجی) بە(رزگار)ی گوت: باشە ئەوە رۆژیش بۆوە کەچی (ئەمیر) هەر نەهاتەوە ، دەترسم بەڵایەکی بەسەردا هاتبێ، ئاخر ئەو رێگایەی ئەو گوتی پێیدادیتەوە زۆر ترسناك و پڕ ئاشووبە، ئاخ دەبینی بە چ زمانێکی لووس رازی کردم کە بە تەنها بچێ، کوڕە چەندم گوت: کوڕم مەچۆ، ئەگەر هەر دەشچێ بە تەنها مەڕۆ، من دەزانم ئەو رێگەیە کێی پێدا دەڕوا و دەچێ، فایدەی نەبوو، دتگوت شتێکی دەزانێ بۆیە بە تەنها چوو، سندان لەو قازانجەی بدات وەکو کردمان، (رزگار) وەڵامی دایەوە و گوتی: بابە دە ناوی خودا بینە، بەخودا کاکم، هێند شارەزا و مەعلانە، بڕوا ناکەم نەك دز و جەردە هیچ کەسێك زەفەری پێبێبات، بزانە چ کارێکی هاتۆتە پێش بۆیە دەنگ کەوتووە...

تا بەرەو بەری چێشتانێ خەریکی ئاودان و بژارکردن و خزمەتکردنی رەزەکە بوون، لەو بەینەدا کوڕە گەنجێکی پۆلیس، یەك دوو پەڕە کاغەزی لە دەست بوون و بەرێبەری دراوسێیەکی ماڵی حاجی (ئیبراهیم) گەیشتە لایان، حاجی کە چاوی پێکەوتن لە دڵی خۆیدا گوتی: خوایە هاوارە) کچ و کوڕەکانیشی بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کوڕەی پۆلیس و دراوسێیەکەیان کرد و بەخێراییش دیقەتی یەکدیان دا و هەنگاو هەنگاو، بە هیواشی لێیان نزیك بوونەوە و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن هەموو پێکڕا لە بازنەیەکدا رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کابرای دراوسێ سڵاوێکی لێکردن و گوتی: مام حاجی ئەم پۆلیسە لە ئێوەی دەپرسی، منیش زانیم ئێوە لە نێو رەزدان و گوتم وەرە من بەگەڵت دەکەوم جێیان پێدەزانم هەر چەندیش پێمگوت مەسەلە چییە؟ بەڵام هیچی پێنەگوتم و دەیگوت دەبێ بەخۆم بیانبینم، حاجی ، چاوی لە ناو چاوی پۆلیسەکە نابوو، ئەمما بەشێوەیەك کە وەك ئەوەی بڵێ: ئەی گەنجی پۆلیس خودا بکا کە هەواڵێکی ناخۆشت پێنەبێ، حاجی لەو خەیاڵاتانەبوو، کە پۆلیسە گەنجەکە تەماشایەکی خێرای دەمووچاوی هەمووانی کرد، باك و کچ و کوڕەکان، وەکو بڵێی بزانێ داخۆ ئەگەر هەواڵەکەیان پێبدات بەرگەی دەگرن یان نە، خۆ ئەگەر بەرگەی نەگرن، دەبێ قسەیەکی وا بکات، کاریگەری هەواڵەکەیان دوابێ کە دەیزانن، کەمتر بکاتەوە لە دڵی خۆیدا ناوی خوای لێهێناو بەمشێوەیە دەستی بە قسان کرد و گوتی: مام حاجی، وەڵڵا من لە فلانە بنکەی پۆلیسی هاتیمەو کاغەزێکیشم پێیە و دەبێ هەر ئێستا دەگەڵم بێ و بتبەمە لای ئەفسەری بنکەکە من کارێکی بەپەلتی پێیە و سەبارەت بە (ئەمیر)ی کوڕانە، حاجی دەموودەست پرسی: بڵێ کوڕم چی بووە، چ قەوماوە؟ پۆلیسەکەش، کە زانی حاجی کەڵکی ئەوەی نییە وا رەپ و راست شتەکەی پێ بڵێی، بۆیە هەندێ خۆی هێنا و برد و بەمشێوەیە وەڵامیدایەوە: مام حاجی وا باشە بەخۆت بێیتە بنکەی پۆلیس و پرسیار لە ئەفسەرەکەی بکەی، چونکە لەوانەیە لەگەڵ خۆیت بباتە دادگا یان نەخۆشخانە، یان نازانم کوێ و کوێ ، لەبەر هەندێ پێم باشە هەر ئێستا وەرن بابڕۆین و هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوە حاجی منداڵەکانی زانییان شتێك، شتێکی گەورەش قەوماوە، خوشکەکە چاوی پڕ فرمێسك بوو، خۆیان ئامادەکرد و بە ئۆتۆمبیلە پیکەبەکەیان بەرێ کەوتن و دوای چارەگە سەعاتێك گەیشتنە بنکەی پۆلیس و یەکسەر برانە لای ئەفسەری بنکە ئەویش دوای بەخێرهێنانی ، وردە وردە باسەکەی بۆ کردنەوە و تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە بڵێ: دوێنێ شەو خەڵکی گوندەکەی ئەولا، گوێیان لە دەنگی چەند تەقەیەك بووە لە نزیك شینایییەکانیانەوە بۆ بەیانی زووی ئەمڕۆ، خەڵکی شینایییەکانی ئەوێ بەهۆی دەنگی حەپە حەپی سەگەکانیانەوە زانیوویانە کە مەیتێك لەو ناوە کەوتووە و پاشان خەبەری ئێمەیان داوە، ئێمەش چووینە شوێنی

کۆمەڵایەتی

گوڵان

ڕووداوەکە و بینیمان تەرمێك کەوتووە.

دوای لێکۆڵینـــەوە و بەدواداچوون، دەرکەوت کە ناوی(ئەمیر)ە و کوڕی جەنابتە، ئێســتاش با بچینە نەخۆشـخانە و پێش ئەوەی پزیشکی دادی لێکۆڵینەوەی لەسـەر بـکات، هەتا ئێمە دەسـت بە لێکۆڵینەوە دەکەین و پەراوەکە تەواو دەکەیـن و جەنابی دادوەریش بڕیاری لەسـەر دەردەکات، بابچین، بزانین دەیناسییەوە ، هەموو بە دڵی پڕ لەخەفەت و چاوی پڕ گریان، چوونە نەخۆشـخانە و لەویش لەگـەڵ کارمەندێکی مەیتخانـە، دەرگای بەفـر گرەکەیـان کردەوە و مەیتێکیـان دەرهێنا، ئەوان هـەر کە چاویان پێکەوت یەکسـەر خۆیان بەسـەری دادا و بووە گریان و فیغـان و لەخۆدان، (حاجی ئیبراهیم) وەکو پیاوێکی بەویقار وگران، دوو سـێ دڵۆپ فرمێسـکانی بە چاواندا هاتە خوارێ و سەری نەوی کرد، ماچێکی گەرمی لە ڕوومەتی کرد، لەو دەمەش پزیشـکی بەشی دادپزیشکی هاتە ئەوێندەر، کە پێشتر سەیری هەموو جەستەی کرد بوو، ڕاپۆرتێکی سەرەتایی لەسەر ئامادەکردبوو، بەڵام جارێ توێکاری نەکرد بوو، چاوەڕێی بوو ڕەزامەندی کەسـوکاری مەیتەکە وەربگرێت تا پاشـان بتوانن دەست بە توێکاری کردنی بکەن، زانی کە ئەوانە کەسوکارین و گوتی: با باوکی بێتە ژوورەکەم، کە حاجی چوو، ئەوانی دیکەش لەگەڵـی چـوون، پزیشـکەکە پێیانی گوت: ئـەو کوڕەتان پێنج گوللەی لێـدراوە دووی لە سـینگی و یەکێکیشـی لە ملی و دوانیشی لە قۆڵ و باسـکی درانە، بـەڵام وا پێدەچێت پێشـتر خنکاندوویانە، چونکە شوێنەواری پەتێك و جێگە نینوك لەسـەر قـورگ و ملی بەدیار کەوتوونە، لەسەر باسك و شانیش، شوێنی لێدان و شـین و مۆر بوون هەیە، کە ئـەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێش کوشتنی شەڕێکی دەستە و یەخەی کردووە، پێناچێ لەگەڵ یەك کەسـدا شـەڕ و بەرەنگار بووبێتەوە، بەڵکو زیاتر بوونە، دەمانەوێ بە تەواوەتی ساغی بکەینەوە، کە ئایا پێشتر خنکاندوویانە ئەوجا گوللەیان لێیداوە یان نە، بۆ ئەوەش ناچاریـن کە توێکاری بکەین و ڕەزامەندی ئێوە وەربگریـن، ڕزگار و ئەحمەد) گوتیان: دکتۆر چ پێویست بە توێکاری ناکات، ئەوە تازە کوژراوە، ئەوجا پێش کوشتنیان گوللەیان لێ داوە یان پاشـان، چ فەرق ناکات، ئەو کەسە هەر بکوژی برای ئێمەیە و چارەنووسیشی هەر کوشتنەوەیە، هێشتا پزیشکەکە وەڵامی براکانی (ئەمیر) یـان نەدابۆوە(حاجی ئیبراهیم) ڕووی دەمی لە پزیشـکەکە کـرد و گوتی: کوڕم تۆ ئیشی خۆت باشـتر دەزانی، دەمەوێ ڕاستترین و وردتریـن زانیاریمـان لەسـەر چۆنییەتـی کوشتنەکەی پێ بدەی، پاشان هەمووان لەگەڵ ئەفسەرەکە گەڕانەوە و ئەویش پێ گوتن: شەوی ڕابردوو ئـەم ڕووداوە ڕوویداوە، چەند کەسـێك هاتوونەتە سەر ڕێی، یان بەدوایدا بوونە، جارێ لەوە دڵنیانین کە چۆن گەیشـتوونەتە سـەری، تەقەیان لێکردووە کەی و چۆن تەقەیان لێکردووە هێشتا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە، ئۆتۆمبیلی پێبووە، جانتا و شـتی دیکەشـی پێبووە، جانتاکەیان بەتـاڵ کردووە و ئەوەی پێویسـتیان پێبووە یان ویسـتوویانە، دزیویانە، ئەوانـی تریان فڕێداوە چەند فیشـەکێکی دەمانچەمان دۆزیوەتەوە، بە چاویش دیارە کە ئەوانە هی یەك دەمانچە نین، ئێمە ئەو فیشـەکانە دەنێرینە شوێنی خۆی بۆ پشکنین و زانینی جۆری دەمانچە و گوللەکان، هەنـدێ زانیاریمان کۆکردۆتـەوە و پەنا بەخوا تاوانباران دەستگیر دەکەین و دەیاندەینە دادگا.

## ئاشکرابوونی بکوژەکان

(حاجی ئیبراهیم) بە دڵی پڕ غـەمەوە، لەگەڵ منداڵەکانی دیکە، تا نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر هەر خەریکی هاتوچۆکردنی نەخۆشـخانە و بنکەی پۆلیـس و دادگای لێکۆڵینـەوە بوون، تاوەکو دواجار تەرمەکەیان دانەوە، کە وەریانگرتەوە شین و لەخۆدان دەستی پێکرد و تازییە و پرسە دانرا، دوای بەسەر چوونی پێنج شەش مانگان بەسەر ڕووداوەکە و ئاشـکرابوونی تاوانباران ، با لەسەر زاری (حاجی ئیبراهیـم) خۆی وردەکارییەکانی پاش کوشـتنی (ئەمیر) ئەویش بەمشێوەیە ئەو ڕووداوە دڵتەزێنـەی کوژرانی کوڕە گەورەکەی و چۆنییەتـی دەسـتگیرکردنی تاوانبارانی بۆ گێڕاینەوە و گوتی:

وەڵڵا کوڕم چی بڵێم، دوو سـێ عارەبی ئەو دیو زێ ، لەڕێ دەڵاڵێکی کڕین و م فرۆشتنی مـەڕ و ماڵاتەوە هاتنـە لای ئێمە بۆ کڕینی مەڕ و مـاڵات، ئێمەش نزیکەی هەزار سـەر مەڕمان هەبوو، ئەوان بۆ پێنج سـەد هاتبوون، لەسەر نرخێك ڕێککەوتین کە نرخێکی زۆر باش بـوو بۆ ئێمە ، بەڵام پارەی تەنیا دوو سـەد و پەنجایان پێبوو، ئێمەش دوو سەد و پەنجاکەمان دانێ و پارەکەیمان بە نەختی لێوەرگرتن، وەهاش ڕێککەوتیـن کە بۆ دوو ڕۆژی تر لۆرییەك دوان بنێرن، ئەوانی دیکەشـمان لێبکڕن، لەبەر ئەوەی زۆر سـاغڵەم دیار بوون، من زۆرم متمانە پێیان کرد، بەڵام خزمەتکارێکی بەردەستیان لەلا بوو، ئەو کابرایە وەکو بەردەسـتێك ئیـش و کارییان ڕادەپەڕاند، زۆر چاو مۆن و لەبنەوە بوو، زۆری لێ نیگەران بووم و لە دڵـەوە کەیفم پێنەهات، دوای دوو ڕۆژی دیکە پارە و دوو لۆریان هەر بەو زەلامە ڕەشە نەگریسە، نارد و ئێمەش مەڕەکانمان دانێ و باریان کردن، بەڵام دەبوو یەکێکمان بچین و مەڕەکانیان تەسـلیم بکەین و پارەکەشـیان لە پێش بژمێریـن و هەموو لایەك لە حەقی خۆی دڵنیابێت، ئەوەبوو(ئەمیر) گوتی: بابە من دەچم و بۆ ئێوارە دەگەڕێمەوە، گوتم باشە با براکانیش لەگەڵت بێتن، گوتی ئەوانی بۆ چییە، خۆم بە تەنیا دەچم و دەمانچەکەشم لەگەڵ خۆم دەبەم، چەندی گوتم: بەخۆم دێم، یا با فلان لەگەڵت بێت، نەهاتە ڕێیە سـوور بوو لەسـەر قسەی خۆی کە بە تەنیا بچێ، ئاخیرییەکەی کردییە قسـەی خۆی، ڕۆیشـت و لەگەڵ کڕیارەکان هەموو شـتێکیان براندەوە کە کاری تەواوببوو نەیانهێشتبوو بڕوا، گوتیان هەر دەبێ نانمان لەلا بخۆی ئەوجا بڕۆی ئەو زەلامە ڕەشەش دەستی لەگـەڵ چەند دز و جەردەیـەك تێکەڵاوببوو، کە دەزانێ بە تەنیایە و ئەو هەموو پارەیەشـی پێیە، هەتا ئەو نانی خۆی دەخوات ، ئەو کاری خۆی دەکات چەند کەسێك تێدەگەیەنێ و شوێن و جـۆری ئۆتۆمبیلەکـەی و هەرچی هەیە و نییە یان پێیدەڵـێ و دەگەڕێتەوە لای (ئەمیر) کاتێك (ئەمیـر) لە نانخواردن دەبێتەوە و خۆی ئامـادە دەکات کە بـەڕێ بکەوێت، ئەویش بە بیانوویەك ئـەوان جێدەهێڵێ و دەڕوات، لەگەڵ جەماعەت دەچنە سـەر ڕێی و ڕێی لێدەگرن، بەڵام لە شـوێنێك لەبۆی دادەنیشـن کە دوورە دەسـت دەبێ یەکەم جرا دەستی لێڕادەگرن، وا خۆنیشان دەدەن کە گوایە دیانەوێ بگەیەندرێنە ئاواییەکی ئـەو ناوە، ئەویـش ڕایدەگرێت بەو نیازەی خێرێك بکات و وەکو چاکە هەڵیانگرێت، کـە ڕایدەگرێت پێی دەڵێـن وەرە خوارێ، کەوا دەڵێت ئەوجا تێدەگات مەسـەلە چییە، گێڕی ئۆتۆمبێلەکـەی دەگۆڕێت، بـەو نیازەی پێی لێبنێت و لێیـان دەرباز بێت، بـەڵام یەکێ لە جـەردەکان زوو دەرگاکـە دەکاتـەوە و پیلی ڕادەکێشـێ و ئەویش لەو ڕاکێشانە لێی دەشێوێ و ئۆتۆمبیلەکەی لە دەست دەکوژێتەوە، لەناو ئۆتۆمبیلەکـە دەیهێننە خوارێ و ئەویش پەلاماریـان دەدات و دەبێتە شـەڕیان ئەوان بە چوار پێنجەکان لێیدەدەن و ئەویش لێیان دەداتەوە، یەکێك لە جەردەکان دەمانچەی لێڕادەکێشـێ و دەسـکەکەی لە نێوچەوانـی دەدات، یەکێکی دیکەش دەمانچەیەکـی لەبن چاوی دەدات و ئەوی دیکە گوللەیەکی لە باسـکی دەدات ، بەخۆشی دەمانچەی پێ دەبێت بەڵام دەرفەتی نادەن دەمانچەکەی دەربێنێ ئیتر (ئەمیر) زۆر دڕ دەبێ و پێیان بـەرزەوت ناکرێت، لەبەر ئەوە یەکێکیان گوللەیەك لە سـنگی دەدات، ئەویش پەلاماری دەدات و دەمانچەکەی لێدەسـتێنێ و گوللەیەکی لە تەختی نێوچەوانی دەدات، ئەگەر جەردەکانی دیکـە زوو تەقەیـان لێنەکردبایە، مسۆگەر بەو برینداریەشەوە هەموانی دەکوشت ئیتر گوللەیەکی دیکە و هی دیکە یەکێکیشی لە ملی دەدەن و دیکـوژن، دەمانچەکە و پارە و پولەکەی هەموو لێدەبـەن و ئۆتۆمبیلەکەش دەرفێنن و تەرمی کوژراوەکەش دەبەنە ئاقارێك دەشێرنەوە، ئێمە لە ڕۆژی دووەمی تازییەدابووین

**ئەو فیشەکانە دەنێرینە شوێنی خۆی بۆ پشکنین و زانینی جۆری دەمانچە و گوللەکان، هەندێ زانیاریمان کۆکردۆتەوە و پەنا بەخوا تاوانباران دەستگیر دەکەین و دەیاندەینە دادگا**

**بەڕاستی زیرەک و لێهاتوو بوو، پاش نیو کاتژمێر هەموو شتێکی پێ درکاندبوو، بێ ئەوەی بەخۆشی بزانێ هەموو قسەکانی لەسەر ئامێری دەنگ تۆمارکردن، تۆمارکردبوو**

، لە ناو مزگەوت بەخێرهێنانی خەڵکم دەکرد، هەندێك خەڵك ڕۆیشتن هەتا بەر دەرگای ناوەوەی هۆڵی پرسە لەگەڵیان ڕۆیشتم، کە ویستم بگەڕێمەوە شوێنی خۆم دیتم کابرایەك پشتی لەمنەو دانیشتووە، دەمانچەیەکی وەکو هی(ئەمیر)یشی لە پشتە، لێی چوومە پێشی، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەو دەمانچەیە چەند بەهی(ئەمیر) دەچێت، چاوێکم لەسەر دانا و لەلا چەپێکی دیواری دەرەوەی هۆڵەکە (ئەحمەد) و (رزگار) و دوو ئامۆزاشم خڕ کردەوە و مەسەلەکەم پێگوتن و گوتم: دوانتان لە پشتەوە لێی نزیك ببنەوە، من دەچمە لای قورئان خوێن و کە خۆتان پێدادا، بۆ ئەوەی خەڵك نەشێوێ، ئەو لە ڕێی مایکرۆفۆنەکە لەگەڵ بەرزەقت کردنی، خەڵکەکە ئاگاداربکاتەوە کە مەسەلە چییە، نەخشەکەمان دارشت، کابرا جەمدانییەکی لەخۆ پێچابوو، کە تەنیا نیوەی دەموچاوی دیار بوو، زۆر بە وریاییەشەوە دانیشتبوو چاوی دەگێڕا ودیقەتی ئەملا و ئەولای دەدا، منیش چوومە لای قورئان خوێنەکە و شتەکەم تێگەیاند و لە کابرا نزیك بوومەوە و بە تیلەی چاو لە کوڕەکانم گەیاند، لەگەڵ ئاماژەکەی من ئەوانیش پڕیان دایێ و بەرزەفتیان کرد و دەمانچەکەی کە لە کەمەری بەستبوو، لێستاند، تووند دەستیان لە پشتەوە بەست و قورئان خوێنەکەش هەر زوو یەك دوو قسەی کرد و لە ئامادەبوونیان گەیاند مەسەلە چیە، ئێمەش بەدەست بەسترواوییەوە بردمانە بنکەی پۆلیس، ئەفسەرەکەی بنکەی پێشتر ئەفسەری لێکۆڵینەوە بوو، بەڕاستی زیرەك و لێهاتوو بوو، پاش نیو کاتژمێر هەمموو شتێکی پێ درکاندبوو، بێ ئەوەی بەخۆشی بزانێ هەمموو قسەکانی لەسەر ئامێری دەنگ تۆمارکردن، تۆمارکردبوو، پاشان لە ژوورێکی تایبەت دەستبەسەر کرا و ئێمەی بانگ کرد و گوتی: مام حاجی چاوت ڕۆن، خۆیەتی، بکوژی ڕاستەقینەتان گرتووە، دانپێداناوە و لەسەر ئامێریش تۆمارم کردووەو نەوەك دواتر نکۆڵی لێبکات، ئەوە بەخۆی گوللەیەکی لێداوە و دوانی دیکەش گوللەیان لێیداوە(ئەمیر)یش بەکێکیانی کوشتووە، ئەوانە دز و جەردەش بوونە و پارەکەش و دەمانچەکەش و ئۆتۆمبیلەکەشیان دزیووە، دواتر ئۆتۆمبیلەکەیان فرۆشتۆتە تیرۆریستان، بەڵێنیشی داوە یارمەتیمان بدات بکوژەکانی دیکەش بگرین و نەخشەیەکی پتەویشمان بۆ ئەم مەبەستە دارشتووە، دوای چەند ڕۆژێك داوێکیان بۆ دوانەکەی تریش دانایەوە هەردووکیان گرتن، پاش لێکۆڵینەوە و دادگاییەکی چەند مانگ دادگا حوکمی لەناوبردنی بۆ هەمووان دەرکرد و بە سزای عادیلانەی خۆیانی گەیاندن.



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

### دۆڕاندنی داوا یاساییەکە

(شەهاب) کە لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە، تەواو تووڕە و پەرێشان بوو، وەکو ئەوەی شتێکی گەورەی لە دەست دابێت، یا دۆڕاندبێت، خێزانی دووەمی(شەهاب) و برایەکی لەبەردەم هۆڵی دادگا لە دەرەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تەواوبوونی دادبینییەکەیان دەکرد، کە(شەهاب)یان دیت دەموچاوی مۆن و گرژبوو زانیان دادگا لەبەرژەوەندی ئەو بڕیاری نەداوە، ژنەکەی لێی چووە پێش و لێی پرسی کە چ بووە؟ ئەویش پێی گوت: وەڵڵا دادگا بۆ ئەو بڕیاری دا و لایەنگری لەو کرد، دەبێ ڕێگە بدەم(تارا)ی کچم ببینێ و هەفتەی جارێك لە بەیانییەوە تا ئێوارە لای خانم بمێنێتەوە، دەوجا وەرە خۆت مەکوژە ئێوارە دەچمە لای فلانە پارێزەر چەندی بوێ دەیدەمێ ئەگەر پێی بکرێ ئەو حوکمەی دادگا لە دادگای پێداچوونەوە هەڵوەشێنێتەوە، بەخۆی و خێزانەکەی و براکەی لێیاندا ڕۆیشتن و هۆڵی دادگایان بەجێهێشت، ئێمەش کە لە نێو هۆڵی دادگا بووین و هەر لەسەرەتای دادبینییەکەوە گوێمان لە قسە و گوفتاری هەردوولا بوو، بە چاکمان زانی ئەو کێشەیە بکەینە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و مەودا کۆمەڵایەتییەکانی کێشەی نێوان ئەم دوو ژن و مێردە بخەینە بەر دیدی خوێنەرانمان، بۆ ئەو مەبەستەش لە ئافرەتەکە نزیك بووینەوە و مەبەستی خۆمان تێگەیاند و داوامان لێکرد کێشەکەیمان بۆ باس بکات، ئەویش بەمشێوەیە کێشەکەی خۆی بۆ باس کردین و گوتی: من ناوم(شنە)یە و ئەوە چوار ساڵە تەڵاقی خۆم لەم کابرایە وەرگرتووە و لێکجیابووینەتەوە، تازە تەمەنم (٣٣) ساڵە و پتر لە هەشت ساڵ ژن و مێرد بووین، ئەو حەوت ساڵان لەمن گەورەتربوو، بەڕاستی ژیانێکی تاڵم لەگەڵی بەسەر برد، ڕۆژێکی خۆشم لەگەڵی نە بردە سەر، پیاوێکی ڕەزیل و پارە پەرست، تووڕە و هەموو کات هەڵچوو، نیگەران و شپرزە بوو، هەتا خواستمی دار و بەردی بەگژ دایك و باوکم وەنا، خزم و کەسی دنیای هێنایە تکا و ڕجا، کە بوومە خێزانیشی هەر مانگی یەکەم خۆش بوو، ئیتر خۆشیم لەگەڵیدا نەما، هیچیش نەیدەکوشتم، ئەو دڵپیسییەی، بە قسەی ئەو بایە دەبوو من هەر لە ماڵەوە وەکو کۆیلە بەند بووبام، بچووومایە بازاڕ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بچووومایە ماڵە خزمێك تەنانەت ماڵی باوکم یا برایەك یا خۆشکێکم، وایدەزانی ڕەدووکەوتوومە، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، کە گواستمییەوە نێزیکی چل مسقاڵێك زێڕم لەگەڵ خۆم هێنا، ئەوەندەی نەبرد، سێ چوار مانگێك مرخی لێمخۆش کرد و بە خۆشی بێ یا ترشی زێڕەکانی لەبن دەستم دەرهێنا و فرۆشتی، بە پارەکەی و هەندێکی لەسەر دانا ئۆتۆمبێلی پێکڕی و بەناوی خۆشی کرد، گوێم پێنەدا گوتم بەڵکو باش دەبێ و تۆزێك تەبیعەت و خووی دەگۆڕێت، بەڵام هەیهوو هەیهوو خوو گۆڕینی چی و حاڵی چی، پاشان دووگیان بووم و بە حاڵێکی زۆر ناخۆشەوە، بە نەشتەرگەری کچێکم بوو، ناومان نا(تارا) ئەو پیاوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەفتاری لەگەڵم خراپتر دەبوو، چەند جارێك تۆرام و چوومەوە ماڵی باوکم، گوتم: من کە ژیانم تاڵ و سوێرە با کاریگەری بەسەر دەروونی و ئەو منداڵەمەوە نەبێ، لەوەتەی چاوی کردۆتەوە لە ماڵێکی پڕ ئاژاوە و باوکێکی تووڕە و بە ڕق و کینە، خۆی دۆزیووەتەوە، بۆیە کە دەتۆرام لەگەڵ خۆم دەبرد، کەچی ئەو بە بردنی کچەکەم شێت و هار دەبوو، دەمگوت ئێ باشە خۆ تۆ دایك نیت، هەتا بتوانی بەخێوی بکەی و شیری پێبدەی و خزمەتی بکەی، بهێڵە با لای من بێت، ماوەی دوو



# ـــگەی نـــەدەدا کچەکەی ببینێ؟


سـێ هەفتە لەیەك دووركەوتینەوە گوتم: تاوەكو هێمن دەبێتەوە ئەوسـا بە منداڵەوە دەگەڕێمەوە، کەچی ئەو نەیدە سـەلماند و دەهات بە زۆر لێدەستاندم، یەك دوو جارێك ناچاری کردم سـکاڵام لە دژی تۆمارکرد و بە یاسـا منداڵەکەم لێوەرگرتەوە، ساڵێك زیاتر تـۆرام و لێی دووركەوتمەوە، دوا جار کە چوومەوە لای لە جاران خراپتر مامەڵەی لەگەڵدا کردمەوە، بۆیە منیش ناچار بووم داوای جیابوونەوەم لێکرد و چوومە دادگا داوای جیابونەوەم کرد، کێشەمان لە دادگا نێزیکی حەوت هەشت مانگێکی خایاند و تەڵاقی خۆم وەرگـرت و دادگاش هەموو مافێکی سـەلماندم و منداڵەکەشی پێدام، ئینجـا بێ ئـەوەی خـۆی داوای بکات من هەقی بینینـی منداڵەکەمم دەدا پێی و هەمـوو جارێ لە کات و سـاتی خۆیدا منداڵەکـەم دەدا بـەو برایەی کە خۆی ئەو کارەی پێ سپاردبوو، بێ ئەوەی تەنانەت بـۆ یەك جاریش بێت کێشـەم لەسـەر ئەم مەسـەلەیە دروست کردبێت، ئەو ژنی هێنایەوە، ئەوەشـم زۆر پێ ئاسـایی بوو، گوتم: مافی خۆیەتی ژیانی ئاسایی خۆی هەڵبژێرێتەوە، منیش شـووم بە ئامۆزایەکی دایکـم کرد کە لە وڵاتـی نەرویـژە و زیاتر لە دوانزە سـاڵە نیشتەجێی ئەوێیە و ئەندازیاری کارەباییە و لە کۆمپانیایەکدا کار دەکات، ئەوە دوو ساڵە من نیشتەجێی نەرویژم و هەموو ساڵێ بۆ ماوەی دوو سێ مانگێك دێینەوە ئێرە ئینجا دەگەڕێینەوە ئەوێ، من کە سـەفەرم کرد کچەکەمم دا بەو بە شەرتێك هەقی دیتنیم هەبێت و شەوێك لام بمێنێتەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتیـن، ئەوە دوو مانگە لێرەم کەچی نەهێشـتووە کچەکەم ببینـم و بە هەموو شێوەیەك هەوڵمدا رازی بکەم کەچی دواجـار بە خزمێکـی هەواڵی بۆ ناردم کـەوا بۆیە ناهێڵێ ببینم چونکە ترسـی هەیە گوایـە لەوانەیە منداڵەکـەم لەگەڵ خۆم ببەمە نەرویژ، ئێ باشـە خۆ منداڵ بردن شـتێکی وەها ئاسـان نییە جا باشـە وا گریمان ئەوەش نیازم بوو، ئایا دابینکردنی دوا رۆژی کچەکـەم شـتێکی خراپە؟؟ منیش داوای یاسـایم لەسەر تۆمارکرد و بە سـێ دانیشـتنی دادگا، بڕیار درا کە منداڵەکەم ببینم و داواکەی دۆڕاند، سەیر لەوەدابوو بـە دادوەری دەگوت بۆیە رازی نیمە منداڵەکەم ببینێ، چونکە دەیڕفێنێ و بە دزییەوە لەگەڵ خۆی دەیباتە ئەوروپا، پاشان مێردی کردۆتەوە و لەگەڵ مێردەکەی ڕێککەوتوونـە ئەو کارە بکەن، بەڵام دادگا قسـەکانی رەتکردبۆوە و لێی وەرنەگرتبوو، چونکە دیاربوو کە بە هانەکانی ناڕاست و بێ بنەمان و هەر بۆ هەندێ ئەوە دەکات کە ژیانی من و کچەکەم تێك بدات و لە دیتنی کچەکەی خۆم بێبەشم بکات.

ئەوە کێشەی منە لەگەڵ پیاوێك کە چ خۆشییەکم لە ژیاندا لەگەڵی نەدیت، خوا ژن لە پیاوی ئەوها تەبیعەت توندوتیژ بپارێزێ و کەس قسـمەتی بۆ پیاوی ئەوها نەبێ، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو لە دادگا کە حوکـم لەبەرژەوەندی من دەرچوو دەیگوت لە دادگای پێداچونەوە، هەڵیدەوەشـێنمەوە چونکـە حوکمێکـی نایاسـایی و نـا عادیلانەیە.

**سەیر لەوەدابوو بە دادوەری دەگوت بۆیە رازی نیمە منداڵەکەم ببینێ، چونکە دەیڕفێنێ و بە دزییەوە لەگەڵ خۆی دەیباتە ئەوروپا**



# بەهجەت...
# چاوەڕوانی و پەشیمانی



دەمە دەمی ڕۆژئاوا بوون بوو، کە(نەسرین)ی پووری (بەهجەت)بـــە کەیف و دڵخۆشـــییەکی بەرچـــاوەوە خۆی کرد بە ماڵەکەی (پەروین)ی خوشکە گەورەی، بێ سەلام و کەلام، خۆی کرد بە ژوورەکەدا و چاوی گێڕا هەتا (پەروین)ی خوشـــکی ببینێ (پەروین) دانیشتبوو خەریکی پێچانەوەی ســـازکردنی کەرەســـتەی چێشتی بەیانی بوو، کە چاوی بە (نەســـرین) کەوت، گوتـــی: چییە وا بە کەیف و ســـەفای، چی بووە........؟ (نەسرین)یش گوتی:

دادە بەخوا (بەهجـــەت) ئەمجـــارە بەخـــت یاوەرییەتی، پوورە(نەخشین) کچێکی نازداری بۆ (بەهجەت) دۆزیوەتەوە، بەڵام چۆن کچێك ، چەندین ســـاڵە بە ماڵەوە لە وڵاتی (هۆڵەندا ) دەژیـــن و شـــوقەی خۆیـــان هەیـــە کچە لە کۆمپانیایـــەك کاردەکات و کەســـوکارەکەی وەزعیان باشـــە و ئێ خێـــزان و بنەماڵەیەکی باشیشـــن...(پەروین) تۆزێـــك پێکەنـــی و بە(نەســـرین)ی خوشـــکی گوت: باشە باشە، تۆزێك لەســـەرەخۆ، با جارێ بزانین(بەهجەت) ئەو کچـــەی دەوێ یان نە، تا ئێرە (بەهجەت) بە خـــۆی ســـەرەتاکانی هەوڵـــی پێکهێنانی ژیانی هاوســـەرێتی خۆی بـــۆ دەگێڕاینەوە، ئینجا ئیستێکی کرد و تۆزێك گەرووی خۆی پاککـــردەوە و بە پێکەنینەوە ســـەرێکی بادا، پاشان ڕووی لە ئێمە کرد دەستی بەگێڕانەوەی تۆماری ژیانی خۆی کردەوە و گوتی:

ئێســـتاش کە ئەو ســـاتانەم بە بیـــر دێتەوە پێکەنینم بەخۆم دیت، زۆرجار لە خۆم دەپرســـم باشە ژن هێنان چۆن وا دەبێت، چەند منداڵانە بیرم دەکردەوە، لە ڕاســـتیدا تەمەنم هەر بیست ســـاڵێك دەبوو، کاکە کوشتە و شێت و شەیدای گەیشـــتن بە ئەوروپا بووم، جگە لە ئەوروپا دڵم بە هیچ شـــتێك خۆش نەبوو، شەو و ڕۆژ بیرم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت خۆم لە وڵاتێکـــی ئەوروپـــی بدۆزمەوە و بـــە شـــەقام و کوچـــە و کۆڵان و باخچەکانیدا پیاسە بکەم و کچە چاوشین و قـــژ زەردەکانیـــان ببینم، فێـــری زمانێکی ئەوروپی بم و کە جار جارەش بێمەوە کوردستان بۆ خۆ دەرخســـتن و خۆ نوانـــدن، تەلەفۆن بۆ برادەرێکـــی خۆم لە ئەوروپـــا بکەم و لە پێش خزم و دۆست و برادەران بە زمانی ئەوان بدوێم و قســـە بکەم، بەڵام نەمدەزانـــی چۆن بگەم بەم ئەوروپا نازدارە، تا ڕۆژێك (نەســـرین) ی پوورم پێشـــنیارێکی بۆ کردم، بەڕاستی زۆر چووە دڵمەوە، ئەو گوتی (بەهجەت) ماشەڵڵات لێبێ جوان و جاحێڵی، لەقەد و باڵات دەگری، لەسەروو ڕووخسارت دەگری، لەوپەڕی جوانی

دایت، با من ڕێگەیەکت بۆ دابنێم سوێندت بۆ دەخۆم دەگەیتە ئەوروپا، منیش گوتم دەی پلە گیان بە قوربانت بم چۆن دەیگەمێ، گوتی: بێوەژنێك دەناسم، ژنێکی زۆر باش و زۆریش زۆر زانە دەردی زۆری وەکو تۆش چارەسەر کردووە، گوتم: چۆن؟ گوتی: ئەو دنیا و بنیا دەناسێ، بەختی زۆر کەسی هەڵساندووە، ژنی چاکی بۆ کوڕی چاك دۆزیەوەتەوە، زۆر کوڕ و گەنج هەبوونە هەموو ئاواتیان گەیشتن بووە بە ئەوروپا ئەو وایکردووە بگەنە ئەوروپا، زۆر کچ هەیە، لە ئەوروپا، نیشتەجێیە و ساڵانێکە، بەخۆوە خاو و خێزانەوە لەوێن، حەز ناکات مێرد بە کوڕی ئەوروپایی بکات، دەیەوێ بگەڕێتەوە لە کوردستان مێرد بە کوردێك بکات، زۆری وەکو تۆش حەز دەکات بچێتە ئەوروپا، کچێکی وەها دەخوازێ و کچەکە لێرە مارە دەکرێت و کە دەشگەڕێتەوە لەوێ کاروبارەکانی بۆ تەواو دەکات و دەتوانێ رایکێشتە ئەوێ، تۆش ئەگەر بە گوێی من دەکەی من بە پوورە( نەخشین) دەڵێم، کە کچێکی دانیشتووی ئەوروپامان بۆ بدۆزێتەوە و لێرە مارەی بکەی و پاشان راتبکێشێتە ئەوێ، بەڕاستی بیرۆکەکەم زۆر پێ جوان و سەرکەوتوو بوو، گوتم: خوا بکا شتی وا هەبێ بەخوا مەمنوونی تۆ و پوورە(نەخشین) و کچەش دەبم، ئەوەبوو، پوورە(نەسرین)م، خۆی گەیاندە پوورە(نەخشین) و مەسەلەکەی پێگوت: ئەویش دوای مانگ و نیوێك کچێکی بۆ دۆزیمەوە، ئینجا وەکو بەڵێنم دابوو ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکات ئەوا دیارییەکی باشی بۆ دەکڕم کە لە پێنج سەد دۆلار کەمتر نەبێت، هەر کە بۆمی دیتەوە دایکم و پوورە (نەسرین)م، سەرو سۆراغیان کرد و خۆیان گەیاندێ، پێشتر پوورە(نەخشین) کارەکەی بە تەواوەتی بەجێهێنا بوو زۆر شتی مەیسەر کردبوو، چەند کاتژمێرێك لەگەڵ کچە دانیشتن و هەموو شتێکمیان لەگەڵ یەك بڕاندەوە، مابوو من و ئەو یەکتر ببینین، ئەوانیش هەر هەمان ڕۆژ ئەمەشیان مەیسەر کرد، من و کچە یەکتریمان دیت، هەر دوولامان بەیەك رازی بووین، کچە بەڵێنی دا هەر کە مارەم کرد و لێرەش گواستمەوە، کە چۆوە(هۆڵەندا) پێویستییەکانی راکێشانم بۆ ئەوێ، لە بەڵگەنامە و پاسەپۆڕت و ئەو شتانەم بۆ ئامادە بکات، ئەوەبوو دوای مارەکردن و سازکردنی ئاهەنگ و خۆشی، ئینجا ئاهەنگی زەماوەندمان ڕێکخست و گواستمەوە، مانگ و نیوێك وەك ژن و مێرد ژیانێکی خۆشمان بەسەر برد، ئیتر ئەو گرێبەستی هاوسەرێتی و ئەو بەڵگەنامە پێویستانەی لەگەڵ خۆیدا برد و گەڕایەوە(هۆڵەندا). پاش دوو سێ مانگان لە(هۆڵەندا) کارەکانی بۆ تەواوکردم و هاتەوە منی بردە(هۆڵەندا) کە گەیشتمە ئەوێ، ئای خودایە کە دڵم خۆش بوو، وامدەزانی دنیا هەمووی هی منە، دڵم بە هەموو شتێکی ئەوروپا خۆش بوو، دەمگوت ئەوە منم لە ئەوروپام، بەخوا قەت باوەڕناکەم.

## ژیانی ئەوروپا و دروستبوونی کێشەی چاوەڕواننەکراو

(بەهجەت) لە درێژەی قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: بەڵام هەفتەیەك ، دە ڕۆژێکی پێ چوو هەستم بە جۆرە ژیانێکی تر کرد، ژنەکەم لە کۆمپانیایەك کاری دەکرد، بەیانی کاتژمێر هەشت دەڕۆیشتە سەر کار و ئێوارە کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەهاتەوە، کە لەسەر کار دەگەڕایەوە هیلاك و شەکەت و بێتاقەت بوو، یەکسەر دەچووە ژووری خۆی و دەخەوت.

دەوری کاتژمێر یانزە بە ئاگا دەهاتەوە و هەڵدەستا، دەبوایە من خواردنێکی گەرم ساز بکەم، ئەو هەفتەی چوار ڕۆژ کاری دەکرد، بەڵام ئەو چوار ڕۆژە دەبوو وەکو کارەکەری ناو ماڵ بم، منیش ئەوەم پێ هەرس نەدەکرا، چۆن پیاو دەبێ چێشت بۆ ژنەکەی ئامادە بکات، لەسەر ئەوە هەندێ کێشەمان بۆ ساز بوو، دواتر بووە دەمەقاڵێمان، ئیتر لەم دەمەقاڵێیانە جارێك شەقەزللەیەکم لێیدا، کەچی ئەویش شەقە زللەکەی لێدامەوە، خەریکبوو شێت بم، من لەو بە توانا و بەهێزتر بووم، کەوتمە سەری بە شەپ و مست شلوکوتیم کرد، ئەویش بە هاوار و قیژە و دەنگە دەنگەوە ئاگاداری پۆلیسی کردەوە و پۆلیسیش هات و دەستگیریان کردم، نزیکەی هەفتەیەك بە بەندکراوی لە بەندیخانە مامەوە، پۆلیس پێیگوتم، هەتا ژنەکەت بەخۆی نەیەت و لێتخۆش نەبێ، لێرە ئازاد نابی تا ڕۆژی دادگایی کردنت، ئیتر ئەویش بە مەرج بەریدام، منیش خوا خوام بوو ئازادبم، بۆیە بەناچاری بە مەرجەکانی رازی بووم، دوو هەفتە ژیانمان بەسەر بردەوە، بەڵام بێ ئەوەی ئەمجارە، چێشتی بۆ ئامادەبکەم، دووبارە کێشەمان بۆ دروست بۆوە، ئەمجارە دەیگوت یا دەبێ کار بکەی و لەگەڵ من نیوە بە نیوە پارەی کارەبا و کرێی شوقە و ئاو و خەرجی ماڵەوە بدەی، یان دەبێ بۆ خۆت لەسەر حسابی خۆت بژی و خۆت خۆت بژێنی، منیش ناچار بووم دەست بە کارکردن بکەم.

بەڵام کە دەهاتمەوە دەبوایە خۆم مشووری نانخواردنم بخۆم. واتە کارکردنیشم هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی ، ئەو بەڕاستی ئەوروپییانە گەورە و ژیابوو، بە منیش نەدەگۆڕدرا، تەنانەت دەیتوانی لە ماڵەوەش دەرمبکات.

هەوڵمدا لەگەڵ ماڵە خەزوورم ئەو شتانە باس بکەم، بەڵکو بگەمە چارەسەرێك لەگەڵیدا، ئەوانیش زۆریان هەوڵدا، بەڵام سوودێکی وای نەبوو.

ئەوەی کە پێم قبوڵ نەدەکرا، ئەوە بوو ، هاوڕێی پیاوی هەبوو، جاری وا هەبوو ئەو هاوڕێیانەی دەهێنایەوە ماڵەوە، ئەگەرچی رەفتاری نابەجێیان نەبوو، بەڵام من ئەو شتانەم پێ قبوڵ نەدەکرا.

لەسەر ئەو شتانەش دەبووە شەڕ و ناکۆکیمان، هەموو ئەو کێشانەم بە دایك و باوکیشم گوت: ئەوانیش لەگەڵ ماڵە خەزوورانم هەوڵیاندا، بەڵام ئەوانیش لەبەر ئەوەی خووە نەریتی ئەوروپییانەیان گرتبوو، رۆڵێکی وایان نەگێڕا تا هەڵسوکەوتی کچەکەیان بگۆڕن، بە هەر حاڵ لەگەڵ ماڵی باوکم وا ڕێککەوتم کە جارێ لەگەڵی هەڵبکەم و پاشان رازی بکەم کە بگەڕێینەوە کوردستان و ئیتر لەوێ بمێنینەوە و ناچاری بکەم لە کوردستان دابنیشێ، تا بتوانێ وایلێبکەم دەستبەرداری رەفتار و نەریتی رۆژئاواییانە بێت. بەمجۆرە ناچاربووم خۆم لەگەڵی راهێنا و دوای ماوەیەك رازیم کرد بچینەوە کوردستان و بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێ بمێنینەوە، کە هاتینەوە دوای تەواوبوونی سەردانی خزمان و میوانداری و ئەو شتانە، بۆم باس کرد کە دەبێ لەمەولا خۆی بگۆڕێ و جلوبەرگ و جۆری هەڵسوکەوتی بەشێوەیەك بێت کە لەگەڵ دابونەریتی ئێمە بگونجێ، کەچی نەك رازیی نەبوو، بەڵکو بەرووشمدا هەڵشاخا، دیسان شەڕ و ناکۆکیمان دەستی پێکردەوە، چەند جارێك شەڕمان کرد و ئاخیرییەکەی هێندەم لێدا تا دەستێکم شکاند، ئەویش چووە بنکەی پۆلیس و شکاتی لێکردم، منیش بەندکرام و پاشان بە کەفالەت ئازاد بووم، دوای ئەوەش زیزبوو چەند ڕۆژێك چووە ماڵی پوورێکی و هەر هێندەم زانی گوتیان گەڕاوەتەوە هۆڵەندا. گوتم چۆن ئەی من، چۆن منی نەبردەوە، ئەی ئێستا من بەچی بچمەوە!؟ گوتیان ئیتر ئەوە بەخۆت دەیزانی، زۆرم هەوڵی تەلەفۆن و پەیوەندی کردندا، هیچم پێ حاسڵ نەکرا، ئیتر بەمشێوەیە تەنیا بە جلو بەرگمەوە لێرە مامەوە، هەر چیم کردبوو هەرچیم خەرج کردبوو هەمووی رۆیشت، تا ئەوکاتیش من پاسەپۆڕت و ئەوشتانەم وەرنەگرتبوو، ئەوانەی کە بۆشی حاسڵ کردبووم هەمووی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، بۆیە هیچم پێنەدەکرا جگە لە چاوەڕوانی ، بەڵام بۆچی ئەو منی بە جێهێشت و هیچ حیسابێکیشی بۆ نەکردم، دوای دوو مانگ بەهۆی پارێزەرەکەیەوە لێرە تەڵاقنامەکەی بۆ ناردم، منیش بەمشێوەیە مامەوە و هیچم پێ نەبڕا جگە لە زیان و ناخۆشی.

**هەوڵمدا لەگەڵ ماڵە خەزوورم ئەو شتانە باس بکەم بەڵکو بگەمە چارەسەرێک لەگەڵیدا ، ئەوانیش زۆریان هەوڵدا ، بەڵام سوودێکی وای نەبوو**

**دوای تەواوبوونی سەردانی خزمان و میوانداری و ئەو شتانە ، بۆم باس کرد کە دەبێ لەمەولا خۆی بگۆڕێ و جلوبەرگ و جۆری هەڵسوکەوتی بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ دابونەریتی ئێمە بگونجێ**



✿ خانمە نووسەری جەزائیری(وەفا مەرزوق) وەك خۆی دەڵێت: (نیوەی ژیانم لە خزمەتی پیرس یەكسانی ژێندەری و هێنانە كایەی دادی كۆمەڵایەتی بەسەربردووە). خانمی(وەفا مەرزوق) هەڵگری رەگەزنامەی جەزائیرە، بەڵام بەشێكی زۆری ژیانی لە وڵاتی لوبنان بەسەربردووە هەر لەوێش لە زانكۆی عەرەبی بڕوانامەی لە بواری یاسادا بە پلەی نایاب، بەدەست هێناوە، (وەفا) جگە لە وتاری كۆمەڵایەتی و سیاسی شیعر و چیرۆكیش دەنووسێت ، ئەندامی یەكێتی نووسەرانی عەرەب و ئەندامی كارای هەردوو سەندیكای رۆژنامەنووسان و نووسەرانی جەزائیریشە. خانمی(وەفا) چەند لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەڵایەتی- یاسایی لە بارەی یاسای باری كەسی و مافی ژنان لە گرێبەستی هاوسەرێتیدا نووسیووە، ئێستا جگە لە پارێزەری كاری وانەبێژیش لە زانكۆكانی جەزائیر دا دەكات، (گوڵان) لە دەرفەتێكدا مەسەلەی ناموس پارێزی و چەمكی شەرەفی لە كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا لەگەڵ تاوتوێكرد.✿

## ئەكادیمیست و نووسەری جەزائیری(وەفا مەرزوق) بۆ گوڵان:

# تاوانی ناموس پارێزی لە ناهۆشیاری كۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێ

*** لە كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا وابەستەیی و گرێدانێكی دیار لە نێوان چەمكی ناموس بە مانا فراوانەكەی لەگەڵ ئاكار و شەرەفی ئافرەتاندا دروست كراوە، بەڕای ئێوە فاكتەرەكانی ئەو تێكهەڵكێشییە چین؟**

- هەر لە كۆنەوە چەمكی ناموس لە نێو كۆمەڵگە عەرەبی و رۆژهەڵاتییەكاندا پەیوەندی بەخێزان و خێڵەوە هەبووە، بەو پێیەی ناموسی ژنان نوێنەرایەتی پێگەی كۆمەڵایەتی خێڵ و خێزانی كردووە، رۆژهەڵاتەییەكان دەستەواژەی ناموسیان لە چوارچێوەیەكی تەسكدا قەتیس كردووە، لای ئەوان ناموس تەنیا ئەو رەفتار و كردارانەی ئافرەتە كە پیاو حوكم لەسەر باشی یان خراپیان دەدات، شەرەفی ژنان لە رۆژهەڵاتدا معیاری سەرەكی پارێزگاریكردنە لە ناموس و كەرامەتی خێڵ و بنەماڵە، ژنان لە كلتوری رۆژهەڵاتدا جگە لە مەسەلەی ناموس رۆڵی پەراوێز و تەماشاكاریان لە ژیانی كۆمەڵایەتیداهەیە، لە رووی بڕیاردان و رادەربڕینەوە بەشداریان نییە، هەروەها شەرەفی بەشداربوونیان لە بوونیادنانی خێزان و كۆمەڵگە لێ زەوت كراوە، ئەوە تەنیا پیاوانن بڕیار دەدەن بونیادی كۆمەڵگە لەسەر چ هزر و بیركردنەوەیەك دادەڕێژرێ، واتە هزری نێرینە تەحەكوم بە هەموو لایەنەكانی ژیان دەكات و بڕیاری هەوڵ و كۆتا هەر لە دەستی ئەوە، بەداخەوە ئەمڕۆ دوای سەدان ساڵ لەو هزرە كۆنە ودوای گۆڕانێك بەرچاو لە پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و بوارەكانی گەیاندن و میدیا كەچی بارودۆخەكە هەر وەك خۆیەتی و سەرەڕای مەحكوم كردنی ژنان بە مەسەلەی شەرەف و ناموس پارێزی، پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی نەهامەتی و چەوساندنەوەی زیاتر بۆ ژنان هێناوە، ئەمڕۆ ژنان تەنیا لەسەر نامەیەكی مۆبایل یان پەیوەندییەكی ئاساییدا توندوتیژیان دەرهەق پەیڕەو دەكرێ كە لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە رادەی كوشتنیش.

وەك ئاماژەم پێدا هێشتا مەسەلەی ناموس پارێزی لای رۆژهەڵاتییەكان فاكتەری یەكەمی كۆمەڵكوژی ژنانە، هۆكارەكەش تەنیا باڵادەستی هزری پیاو سالارییە، كە دەسەڵاتی خۆی لە لۆژیكی هێزەوە وەردەگرێ، ئینجا خۆ بە گەورە و پیرۆز زانینە لە ئاست مێیینە و خۆ دزینەوە لە هەندێ لەو ئیش و بەرپرسیارییەتیانەی كە دەكەونە ئەستۆی ئەو.

لە راستیدا ئەو جۆرە روانگەیە، روانگەیەكی ناشیرین و دوو فاقییە، كەم كردنەوەیە لە رۆڵ و پێگەی ژنان، عادات و ترادسیۆنە كۆمەڵایەتییەكان رۆڵێكی گەورەیان لە داچەقاندنی ئەو هزرە سەقەتە هەیە، تەقالیدی رۆژهەڵات، هەردەم ژنان بە پاشكۆی پیاوان و توخمێكی شەرمەزارهێنەر وەسف دەكات، توخمێكی كەم ئەقڵ كە پێویستە هەردەم لەلایەن نێرەكانەوە رێنمایی و چاودێریی بكرێن تا تووشی هەڵە و خراپە نەبن، لە كاتێكدا پیاو بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی بێ هیچ سانسۆرێك ئەوەی حەزی لێیەتی بەرامبەر بە ئافرەتەكانی دیكە بیكات!!

پەروەردەی سەقەتی رۆژهەڵات هەمووكات پەروەردەیەكی دووفاقییە، نێرینە بە جۆرێك پەروەردە دەكا و مێینەش بە جۆرێكی تر، كوڕان لەسەر كرانەوە و تێكەڵاوی رادەهێنێ، كچانیش لەسەر داخران و دوورە پەرێزی، بێ ئەوەی بزانن كە زۆرجار ئەو دوورە پەرێزییە هۆكاری زۆرێك لە تاوانەكانی شەرەفە، ئەو شێوە پەروەردەیە جیاوازە دەچێتە خانەی جیاكاری رەگەزییەوە كە دەرەئەنجام دوو رەگەزی نامۆ و دوور لە یەكتری بەرهەم دێن، هەر لێرەوەش زۆرینەی زیانەكە بەر ژنان دەكەوێ، بە گەڕانەوە بۆ

**ئەمڕۆ پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی نەهامەتی و چەوساندنەوەی زیاتری بۆژنانی رۆژهەڵات هێناوە**

مەسەلەی نامووس دەڵێم، نامووس پەیوەستە بە کەسایەتی مرۆڤ بێ جیاوازیکردن لە نێوان نێر و مێ، شەرەفی پیاوان لە کەسایەتی و هەڵوێست و ئاکاریان دایە، نەك لە نامووسی ژنەکانیان.

*** نامووس لە رووی زانستی سۆسیۆلۆژیەوە تەنیا کرداری رووت بوونەوەی ژنان نییە، بەڵکە وابەستەی چەندین مەدلولات و کرداری دیکەیە، وەك نموونە(درۆ، دزیکردن،تاد...) بەرای ئێوە سەرچاوەی ئەم پێودانگە هەڵەیە، ئایینە یان تەقالیدی کۆمەڵگە؟**

- ئایینی ئیسلام کامڵ و بێ کەموکورتییە، چونکە لە خواوەوەیە، نەنگ و کەموکورتی لە مرۆڤەکانە، من کە دەڵێم ئایین مەبەستم تێکستە ئاسمانییە دابەزیوەکانە نەك پیاوانی ئایینی و شەرۆڤەکاران، لە هەناوی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، بەدەیان عادات و تەقالیدی کۆمەڵایەتی هەن کە حوکم و کاریگەریان لە ئایین زیاترە، ئەوان بەر لە دابەزینی ئاینییەکان لەگەڵ سەرەتاکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگانە لە دایك بوونە، حوکمی ئەو عاداتە کۆمەڵایەتییانە لە حوکمی ئایینی بەهێزترە.

لە ئایینی ئیسلامدا بە روونی باس لە یەکسانی و مافەکانی ژن و پیاو کراوە، جیاکاری شتێکی رەتکراوەیە لە ئیسلام، بەڵام خەڵکی ئەوەندە کار بە عادات و تەقالیدی خۆیان دەکەن، ئەوەندە گوێ بە ئەحکامی ئیسلام نادەن، ئیسلام هەرگیز رێگە نادات کچێك بێ ئارەزوو ویستی خۆی لە کوڕێك مارە بکرێت، هەندێ لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بە بەرچاوکردنی ئیعتیباری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کارە هەڵەیە دەکەن، بەڵام ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە لەگەیاندنی ئایینی ئیسلامدا کەموکوڕی نییە، من وەك مامۆستایەك پێم وایە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی بە دوورکەوتنەوەیە لە ئەو ئەحکامەی جەبری و رەهان و پێویستمان بە گەیاندنی رۆحی راستەقینەی ئایینە، پێویستمان بەلایەنە واقیعییەکەی ئیسلامە کە بێگومان هاوتا و شیاوی ئەو رۆژگارەشە.

سەبارەت بە مەسەلەی نامووسیش لە ئایینیدا، ئیسلام نەزرەیەکی هاوسەنگی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە و جیاکاری ناکات، حوکمی پیاوێکی زیناکار هاوشێوەی ژنێکی زیناکارە، هەرگیز ئیسلام نەیگوتووە تاوانبار ئازاد بکەن و قوربانیش سزا بدەن، لەگەڵ دابەزینی ئایینی ئیسلامدا ژنان پێگەیەکی بەرزتریان پێدا، بوونە پشکداری پیاوان لە ژیانی ئابووری و سیاسیدا، لە (مبايعة الرسول) مافی دەنگدانیان هەبوو، خێزانی پێغەمبەر کاری بازرگانی دەکرد، ژن گەلێکی دیکەش وەك دکتۆر و راوێژکار و شاعیر و بازرگان، کاریان دەکرد.

کەواتە کەموکورتی لە ئایین دا نییە، بەڵکە لە خۆمان دایە، شەرەفی خێڵ و خێزان دەستەواژەیەکە تەنیا خۆمان دروستمان کردووە، تەنیا یەك نامووس هەیە ئەویش هی مرۆڤە، کە بە گشتی پەیوەندی بە کەرامەت و زەوی و ئینجا کردار و هەڵسوکەوتەوەیە.

*** وەك دەزانن ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ جیاوازە، ئێستا مرۆڤایەتی لە نێو رابوونێکی گەورەی گلۆبالیزمدا دەژی، ئەو رابوونە گۆڕانی جەوهەری بەسەر بوونیەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری گەلاندا هێناوە، بەرای ئێوە بەرەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانە، ئێمەی رۆژهەڵات پێویستمان بە راڤە و پێناسەیەکی نوێی نامووس نییە، گەر وایە ئێوە چ پێناسەیەکتان هەیە؟**

- ئەوەی پێویستیمان پێییەتی هەزمکردنی شێوە راست و راستەقینەکەی نامووسە، بەڵێ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە وا دەخوازن کە دووبارە بارودۆخەکە رێك بخرێتەوە و وەك دەڵێن شەمەندەفەرەکە بخرێتەوە سەر سکەی راستی خۆی، ئێستا ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە لە روانگەیەکی زۆر تەسك تەماشا دەکرێن، وەك گوتم گۆڕانکاری دروست بووە، بەڵام گۆڕانکارییە فکیری و کلتوورییەکان هاوتای پێشکەوتنی بوارەکانی دیکە، نین.

ئێمە پێویستیمان بە گۆڕانی فیکری هەیە لەگەڵ خۆیدا سیاغەیەکی نوێمان بۆ سەرجەم پێناسە کۆمەڵایەتییەکان پێبدات نەك تەنیا بۆ پێناسەکردنی نامووس، بێگومان دەبێ ئەو پێناسەیەش هەڵقوڵاوی چەمکی عەدالەت و ماف و یەکسانی بێ نەك هەڵقوڵاوی موعتەقەدات و ئایدیای کەس. واتای خاوێنی و دوورکەوتنەوە لە بەدڕەوشتی دەگەیەنێ، بەڵام لە رووی دەستەواژەوە بریتییە لە نەزاهەت و ئاکاری باش و راستگۆیی و رێزگرتن، ناکرێ مەسەلەی نامووس تەنیا لەلایەنی زایەندیی یان پەیوەندی جەستەی نێوان ژن و پیاو کورت بکەینەوە، بەڵکو زۆرجار خودی پەیوەندی نێوان پیاوێك لەگەڵ پیاوێك و ژنێك لەگەڵ ژنێکی دیکە دەگرێتەوە، بۆیە لەهەر سیاغەیەکی نوێدا دەبێ ئەو ئیعتیباراتانە لەبەرچاو بگیرێن.

*** وەك دەزانن هەموو روانگە و کردارێکی هەڵە کۆمەڵێك ئاسەواری خراپ بە دوای خۆیدا دێنێ، بەرای ئێوە ئاسەوارە خراپەکانی ئەو حاڵەتە چین؟**

- پەیوەندی نێوان ژن و پیاو خراپتر دەکات، کوشتن بە بیانووی نامووس پارێزی، توندوتیژی خێزانی فراوانتر دەبێ، کوشتن و توندوتیژی گرفتەکان قوڵتر دەکەنەوە، مۆرکی بێ یاسایی و بەرەڵایی بە کۆمەڵگە دەبەخشن، تاوانەکانی نامووس پارێزی ئاماژەن بۆ ناهۆشیاری و دواکەوتوویی کۆمەڵگە.

*** رێگە چارەچییە بۆ داڕشتنی پێناسەیەکی نوێی کۆمەڵایەتییانەی چەمکی نامووس کە بەهۆیەوە بتوانین زوڵم و چەوساندنەوەی چەند ساڵەی سەر ژنان هەڵبگرین؟**

- سەرەتا دەبێ لە هۆشیارکردنەوە دەست پێبکەین، لە رێگەی خوێندن و میدیاوە ، ئینجا داڕشتن، یاسا و رێکاری توند کە ترس بخاتە دڵی تاوانکاران و ببێتە رێگر لە ئەنجامدانی تاوانەکانیان، دوورکەوتنەوە لەلاسایکردنەوەی رۆژئاوا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، چونکە لەوانەیە ئەو جۆرە چارەسەرییە کاردانەوەی نێگەتیڤی لای هەندێ لایەن لێبکەوێتەوە.

**هێشتا مەسەلەی نامووس پارێزی لە رۆژهەڵاتدا فاکتەری یەکەمی کۆمەڵکوژی ژنانە**

**پێویستە پێناسەکردنی نامووس هەڵقووڵاوی چەمکی عەدالەت و یەکسانی بێ**

